
سۆراخ



# خوێندنەوەی شیعر بە دیوێکی تردا

حەسەن مستەفا

rawandiz_g@yahoo.com

**( دوودێڕ لە ( ٥٢ )ەمین پە نجەرەی گەڕۆکی شێرکۆ بێکەسدا )**

**هەرکاتێ ئاو گووتی تینووم**

**مانای وایە ژیان لە گیانەڵادایە**

زۆرن ئەوانەی لە ولاتی گوڵو پشکۆدا(کوردستان) لە بەخشندەیی خۆر ئەچن، ئەوێ رۆژێ ئەوان ئەیانگووت کۆڵنادەین تا کولێرەی ئازادی دائەگرین و پارچەپارچە ئەیبەشینەوە بەسەر ماڵە هەژارو چەوساوەکان، دەستی ئەوان بریسکەی ئەدا لەشەوە تاریکەکاندا ، چاوی ئەوان مۆمدان بوو بەرپێی رووناك ئەکردەوە ، ئەم ئالأیەی ئەمڕۆ بەسەرسەرمانەوە ئەیبینین هەر لە لەنجەولاری ئەوان ئەچێ، کە بەردەوام لە جووڵەدابوون بە شنەبای شۆڕش، بۆنێك تاوی ئەدان و شوێن خۆی ئەخستن تا بیانبا بۆ باخچە سەرسوڕهێنەکانی ئازادی، ئەوێ دەمێ کامێك هەبوو بۆ گەیین بەو مرازە بۆیە ماندووبوون منەتێك نەبوو بەسەر سەری کەسەوە بکرێ و دەمو دەست چاوەڕوانی پاداشتبکرێ لە بەرامبەریدا، ئەوێ دەمێ هەموو مەستی ئاوازێك بوون کە هەررۆژەی شەهیدێك لەبن دەوەنێك یان پاڵ رەوەزێك کە توند لە باوەشی ئەگرت ئەیژەند، چەندە ئاوازێکی بەکوڵ بوو. کەس هەستێکی نامۆ لە دەروونیدا نەئەزا کە بەردەکانی نیشتمان بە دڵخواستێکی خۆی نەزانێو لێیان بتۆرێ، چونکە ئەویش چاك ئەیزانی تیوەڕە شاخو زنارەکان چەندە بەکەڵکی ئەو ئەهێن، بۆیە ناپاکی بەبیر نەئەهات بەرامبەریان بینوێنێ، ئەو کە خۆی ماڵێکی پەڕپوتی هەبوو، بەلأم هەرگیز خۆی لە سوڵتانێکی عوسمانی پێ هەژارتر نەئەهاتە بەرچاو بەتایبەت ئەو دەمانەی کە بێ دەم بوون بۆ وەخۆگرتنی میوان ... میوانی ناوەخت، ئەوانەی بەشەکەتی دوای جەولە و چالاکی خۆیان بەو ماڵانەدا ئەکرد، کە هەمیشە دەرگاکانیان ئاواڵەبوو بۆیان . ئەو تەنها رقێکی هەبوو ئەو رقەی مام هێمن ناوی نا ڕقی پیرۆز، رقێك بەرامبەر بەربەریەتی عارەب و زۆڵیەتی ئەوانەی هاودایکی بوون ، هەموو ئەو رۆژانەی جەژن بوون کەئەیدی تاجی سەرکەوتن ئەنرێتەسەری هەردێك، ئەو بە جەمسەری پەژارە قوفڵ نەئەدرا، چونکە ئەیدی لەوسەر جەمسەری شادی باوەشی بۆ ئەکاتەوە، ئەو لانکێکی رائەژاند کە رەنگبێ بەری دوانزەهەمی بووبێ لە ناویدا راکشابێ، چونکە ئەیزانی ئەوانیش تۆوێکن بۆ ئازادیو سەرفیرازی نیشتمان، بۆیە ئەگەر لە زۆرێك کەمێکیش بمێنێتەوە و فریای هەڵمژینی هەوای ئازادی بکەون هەر باشە... تا ئێرە ستراتیژییەتێك لە بیرکردنەوەی ئەوان رەنگدانەوەی دیارە ، بەلأم کە ئازادی ئەبێتە ئەو زەنگەی هەمیشە ئاگاداریان ئەکاتەوە و بستێك بالأیان پێنابەخشێ، بەتوڕەیی ئاوڕێك لە نیشتمان ئەدەنەوە و بەنەرمیش تفێك لە رابردوویان ئەکەن .. ئەو رابردووەی نەبووە پەیژەیەك بۆ سەرکەوتن بەسەر نەهامەتییەکانیان ، خۆ دوێنێش هەر لە نەهامەتی دابوون ، بەلأم ئەوێ دەمێ هەموو لە هەموو بوو کەسێك نەیئەنازی بەسەر ئەوی تر ، کەسێك بە کۆشكو ڤیلاو تەلارە گرانبەهاکانی نەئەنازی، بەڵکو خەوشێکی گەورەش بوو بۆ ئەوانەی مژدەدەری یەکسانی بوون لەلایەكو لەلاکەی تری باس لە سامانی زۆرو زەوەندەی بنەماڵەکەیان بکەن، کەچی ئەمڕۆ ئەبینین ئەو چرایانەی دوێنێ کە باسمان کردن تەواو خۆیان بە نامۆ ئەبینن لەم نیشتمانە، کە هیچ پشکێکی بۆ ئەو تیانەماوەتەوە لە پشکی خەم بەولاوەتر ، ئەو ئینتیمایەی ئەوان جاران هەیانبوو ئەمڕۆ پێچەوانە بۆتەوە ، ئەوان ئینتیمایان بۆ شۆڕشو کوردایەتی هەبوو.. ئەوان مانای شۆڕش بەوە تێگەیشتبوون کە گۆڕانێك بەسەر بارودۆخی ژیانیان دادێنێ، بەلأم کە خۆیان هەروا ئەبیننەوە و ئەو جەمسەرە شادییەی کە هەمیشە باوەشی بۆ ئەکردنەوە ئێستا تەرەیە لێیان و لە پەژارەییدا جێماون، تۆرانێك دروست بووە لە ناخیان کە مەگەر تەنها راستگۆیی چاکیان کاتەوە ئەگینا رۆژ بەرۆژ لێکترزان دروست ئەبێ کە لە رۆژێکی وەك ئەمڕۆشدا تەواو هەست بەو ترازانە ئەکەین و ئەبینین دەسەلأت بەلایەکدا کەوتووەو جەماوەریش بەلاکەی تردا .. شێرکۆ بێکەس تەواو ئامانجی پێکاوە کە ئەفەرموێ :

لمی کەنارو دەسەلأتداران لەیەکتر ئەچن
هەر هەڵئەلووشنو ناڵێن بەسە !